# چەردەیەک لە گەنجینەی مەعریفیی (ماچۆ)

ئەیوب کوێخا ڕۆستەم [١]

کاتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/٠٤/٢٥ کاتی قەبووڵکردن: ٢٠٢٠/٠٧/٢٨

**کورتە**

ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ تیشکخستنەسەر گەنجینەی مەعریفی (ماچۆ), هاوکات چوونە ناو ماڵەکانییەوە بە ئەقڵێکی نوی و کراوە, ئەوەش بە مە بەستی شەن و کەوکردنی زانستییانەی سامانەکەی لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کۆی سامانی ڕۆشنبیریمان و ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی پێشتر کراون و تا ئێستاش دەکرێن. سەبارەت بە وشەی (ماچۆ) کە لە ناو لە تێکستە کۆنەکاندا بە چەند شێوەیەک هاتووە: ا) لە دینی ئاریی کۆن و زمانی سانکریتی بە (واچ- واچەک) هاتووە؛ ب) لە دینی میترائی و زمانی پالەویدا بە (واچ- واچەک) هاتووە؛ ج) لە دینی زەردەشت و زمانی ئاوێستادا بە (ڤاچ- واچ - وەچ) هاتووە.

لە هەمووشیاندا یەک واتای هەیە کە نزاکردن و ئاخاوتنی هێمن و لەسەرخۆ دەگەیەنی بە شێوەیەک کەس بێتاقەت نەکات. هەندێک لە بە شەکانی یەسنا کە دەکەونە قاڵبی نزا و پاڕانەوە، بە شێوەی واچ.. واژ.. باژ دەگوترێن. وەچ وشەیەکی پیرۆزە و بە نزا پیرۆزە ئاینییەکان دەگوترێت. ماچۆ گەنجینەیەکی مەعریفی زۆر گەورەیە, بەڵام داخەکەم تا ئێستا بێئاگایی و ناشارەزییەکی زۆر نەوەک هەر لە ناو خەڵکە گشتییەکەی ناو کۆمەڵی کوردەواری, بەڵکو لە ناو نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردیشدا سەبارەت بەم گەنجینەیە هەیە, دەزگا پەیوەندیدارەکان بە ڕۆشنبیرییەوە هیچ ئاوڕێ لێنادەنەوە, دەسەڵاتداران زۆر لێی بێباک و بێمنەتن. ئەم بێئاگاییەش وایکردووە هەڵەی زەق و گەورە لە بواری ڕۆشنبیریی ئێمەدا بکرین, هەر بۆ نموونە١: - بەستنەوەی شیعری کوردی لە ناو تۆخمی مێینە بە (مەستوورەی کوردستانی)یەوە و فەرامۆشکردنی شاعیرانی پیش ناوبراو. ٢- وابەستەکردنی شیعری کوردی بە سەردەمی سێکوچکەی بابانەوە و نرخاندنی سامانی تیرامان ئەو هەموو سامانی شیعرییەی لە سەر شێوازی دوو بەیتی نووسراوە بە (نا شیعر). ٣- بەستنەوەی مێژووی سروودی کوردی بە مامۆستا (زیوەر) و وەلانانی سرووەدەکانی یارسان. ئەمانە و چە ندین هەڵەی تریش کە هەرگیز نابێت لێیان بێدەگ بین.

**وشە سەرەکییەکان:** ماچۆ، گۆران، هەورامان، یارسان، کاکەیی.

## A summary of the knowledge about the word 'Macho'

Ayub Rostam[2]

Recive data: 2020/04/25 Accpte data: 2020/07/28

**Abstract**

This paper is an attempt to focus on the knowledge about the word 'Macho' and to investigate the issue in an academic method to enrich our cultural heritage and correcting the errors that occurred in the past and are still occurring to the present day. The word 'Macho' was mentioned in old texts in various ways: 1) In the ancient Aryan religion and Sanskrit language the word is mentioned as ' wach' or 'wachak' 2) In the Metra religion and the Pahlavi language the word is also mentioned as 'wach' and 'wachak'3) In the Zoroastrian religion and the Avestan language it is mentioned as 'vach', 'wach' and 'wach'

In all these languages the word means 'supplication' and 'prayer' and 'speak calmly without disturbing others'. In some parts of Yasna, which is considered to be supplication and prayers, the word is mentioned as wach, wazh, bazh. Wach is a holy word called a religious prayer. 'Macho' is a valuable concept but unfortunately there is little awareness about it, not only amongst ordinary Kurdish people but also amongst educated Kurds and intellectuals; in addition cultural institutions do not pay attention to it and even authorities are not concerned about it. This lack of awareness has led to many errors in our cultural domains. For example: 1) Linking the feminine gender in Kurdish poems to Mastura Kurdistani neglecting other poets before her. 2) Linking Kurdish poems to the Baban era whilst disregarding all the legacy of poetry written in couplets and considering them to not be poems. 3) Linking the history of Kurdish anthems to (Zewar) and ignoring the religious anthems of Yaresan. These errors and others should not be ignored and attention should be paid to them.

**Keyword:** Macho, Guran, Hawraman, Yarsan, Kakaiy.

١. نووسەر و لێکۆڵەر

2. Author and Researcher

## سەرەتایەک سەبارەت بە زاراوەی ماچۆ

سەرەتا باس لەوە دەکەم ئەم زاراوەیە هەر لە بەڕێوەبردنی یەکەم (فێستیڤاڵی ئورموون بۆ ویژەی ماچۆ - ڕۆژانی (٢، ٣، ٤/ ١٢/ ٢٠٠٩) مشتومڕ و قسەوباسی زۆری دروست کرد، هەندێک کەس کە لە مێژووی دین و زمانەوانی خۆیان بێئاگان و هیچ زانیارییەکیان لەم بارە وە نییە، لەژێر کاریگەریی سۆزدا هەر زوو کەوتنە پەلاماردانی فێستیڤاڵەکە و بەکارهێنانی (ماچۆ)یان خستە خانەی بچووککردنەوەی هە ورامان و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی تایبەتمەندییەکانی، گوایە هەر بەکارهێنانی وشەکە جۆرە سووکایەتیکردنێکە بە هەورامییەکان، ئیتر بە قسەی ئەوان فێستیڤاڵەکە خزمەتکردن بووە بە ناهەورامییەکان و بە فیتی دەسەڵاتدارانی کوردستان بەڕێوە دەچوو.

ئێمەش لەو ڕوانگەوە کە (ئاو هەمیشە دەڕوات بێئەوەی هیچ بڵێت)، زۆر دانمان بە خۆماندا گرت و پێمان وابوو لەناو ئەو ئاراستەدا دوو جۆرە خەڵک هەن، جۆرێکیان لە دڵسۆزییەوە قسە دەکەن و پێویستە زیاتر لەم بوارەدا زانیارییان بدرێتێ، بەڵام جۆرەکەی تریان کە خۆشبەختانە ژمارەیەکی کەم بوون، ئەو خەڵکانەن کورد واتەنی (هەمیشە لە باخەڵی خۆیانەوە گوێزی باخەڵی خەڵکی تر دەژمێرن)، هە ندێکیان لەناو ژیانی ئەوروپادا نغرۆی خۆشییەکانی ژیان بوون و تەنیا بۆ بریندارکردنی هەستی خەڵکانی تر هەورامین، ئەگینا منداڵەکانیان تەنیا یەک وشەی هەورامی نازانن.

سەبارەت بەوەی دەیانگوت ئێمە هەورامان بچووک دەکەینەوە، ئەمە درۆیەکی شاخدار بوو چونکە ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی لە ناوچە جیاجیاکاندا بە (ماچۆ) گۆیان دەکرد خەڵکیان لە کەسانی شاعیر و نووسەر و هونەرمەند لە فێستیڤاڵەکەدا ئامادە دەبوون، لەوانە: ئومەلیکییەکانی مازیندەران کە لە (زاغمەرز، ئەمیر ئاباد، حەسەن ئاباد، ساری) دەژین، کاکەیی، باجەڵان، زەنگنە، شەبەک و زازاکی، سەرەڕای هەردوو دیوی هەورامان... هتد، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا کۆکردنەوە و گرێدانەوەی هەموو ماچۆگۆکانە بە یەکەوە و بە ئاگابوونیانە لە نزیکەوە لە ئاستی ڕۆشنبیری یەکتری و هەوڵدانێکی دڵسۆزانەیە بۆ کردنەوەی دەروازەکانی گەنجینەی ڕۆشنبیریی ماچۆ. لە هەمان کاتدا سەلماندنی ئەو ڕاستییە بوو کە (ماچۆگۆکان) خەڵکانێکی زۆر و زەوەندن لە ڕووی دیمۆگرافیاوە و لە جۆگرافیایەکی بەرفراوانیشدا دە ژین. سەبارەت بەوەش کە (ماچۆ)یان بە جۆرێک لە شەرمەزاری و سووکایەتیکردن دەزانی، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەڵێین لە ناشارەزاییانەوە بوو. پاش ئەم چەند دێڕەی سەرەوە دێمە سەر قسەکردن سەبارەت وشەی (ماچۆ) کە لەناو تێکستە کۆنەکاندا بە چەند شێوەیەک هاتووە :

ا- لە دینی ئاریی کۆن و زمانی سانکریتیدا بە (واچ- واچەک) هاتووە .
ب- لە دینی میترائی و زمانی پاڵەویدا بە (واچ- واچەک) هاتووە.
ج - لە دینی زەردەشت و زمانی ئاوێستادا بە (ڤاچ- واچ - وەچ) هاتووە .

لە هەمووشیاندا یەک واتای هەیە کە نزاکردن و ئاخاوتنی هێمن و لەسەرخۆ دەگەیەنێ بە شێوەیەک کەس بێتاقەت نەکات.

هەندێ لە بەشەکانی یەسنا کە دەکەونە قاڵبی نزا و پاڕانەوە، بە شێوەی واچ، واژ، باژ دەگوترێن. وەچ وشەیەکی پیرۆزە و بە نزا پیرۆزە ئایینییەکان دەگوترێت. ئاڤێستا هەندێ نزای پیرۆزی تێدان کە لە کاتی سەختی و تەنگانەدا دەخوێنرێن، بەم نزایانە دەڵێین (وەچ، واچ). کتێبێکی بەنرخیشمان هەیە بەناونیشانی (واچەک چەند ئازەرباد ماراسپەند) کە بریتییە لە قسە و ئامۆژگاری و نزاکانی ئەو مۆبدە مەزنە لە کاتی سەرەمەرگدا. واچەک چەند، واتە چەند وتە یا چەند قسەیەکی ئازەرباد ماراسپەندە. ئەمڕۆ وشەی (وات، واتە، واتەنی، وتە، فچە و چپە)مان هەن کە هەر لە ڕیشەی (وەچ، واچ)ەوە وەرگیراون و هەرهەمان واتایش دەگەیەنن. سەرەڕای ئەمانەش، ئێستایش لە زمانی هەورامیدا وشەگەلی وەک: (واچە، واچدێ، واچێ، ماچۆ، ماچوو، ماچی، ماچا، واچی، واچێ واچێنێ واتم، وچیا، واچیا) و...تاد لە گفتوگۆدا بەکار دەبرێن کە بە هەموویانەوە لە هەمان ڕیشەی (وەچ، واچ) وەرگیراون و هەمان واتای گوتن و قسە و پەیڤ دەگەیەنن. دە بێ (وەچ/واچ) وەکوو سەرچاوە سەیر بکەین و بڵێین: ماچۆ واتای بەکارهێنەری وەچ دەدات و کەواتە ماچۆ - ئەو کەسەیە (واچ ) بەکار دەهێنێت.

پاش ئەم دێڕانەی سەرەوە دێمە سەر ئەوە بڵێم ڕۆشنبیریی ماچۆ گەنجینەیەکی مەعریفی زۆر گەورەیە، بەڵام داخەکەم تا ئێستا بێئاگایی و ناشارەزاییەکی زۆر نەوەک هەر لە ناو خەڵکە گشتییەکەی ناو کۆمەڵی کوردەواری، بەڵکو لە ناو نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردیشدا سەبارەت بەم گەنجینەیە هەیە، دەزگا پەیوەندیدارەکان بە ڕۆشنبیرییەوە هیچ ئاوڕێکی لێنادەنەوە، دەسەڵاتداران زۆر لێی بێباک و بێمنەتن، هەندێک لە نووسەران و ڕۆشنبیرانیش لە بری ئەوەی بچنە ناو ماڵەکانی ڕۆشنبیریی (ماچۆ)وە و بەناو تێکستەکانیدا بگەڕێن، خوێندنەوەی نوێی و زانستی بۆیان بکەن، هەوڵ بدەن ناوەڕۆک و سەردەمەکەیان دیاری بکەن، کەچی هەندێک جار گومانیان لێدەکەن و جۆرێک لە بێهوایی بەرامبەریان بەرهەم دەهێنن، هەر بۆیە تێکستەکانی پەرش و بڵاو بێناز کەوتوون، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی دەیان هەڵەی زەق و بێمانا لە ناو ڕۆشنبیری ئێمەدا هەبن، لێرەدا من نەوەک سەرژمێری هەڵەکان، بەڵام تەنیا چەند نموونەیەکیان دە خەمە ڕوو، وەک لە خوارەوە هاتووە:

**یەکەم:** شیعر لە ناو توخمی ژنان لە ئەدەبی کوردیدا بۆ (ماه شەرەف خانم= مەستوورەی ئەردەڵانی) دەگەڕێننەوە، بە گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ مێژووی ژیانی ناوبراو بۆمان دەردەکەوێت ساڵی (١٢١٩ ک) لە دایک بووە، بەڵام با بگەڕێینەوە بۆ تێکستەکان ئەوسا دەزانین چەندین شاعیری ژن هەن کە سەدان ساڵ بەر لە ناوبراو ژیاون، با بچین بۆ لای ئەمانەی لە خوارەوە ناویان دەهێنین:

١- (دایە تەورێزی هەورامی)، کە شاعیر و عاریف و تەمبوورژەنێکی گەورە بووە، (ساڵی ٣٣٦ ک ) لە دایک بووە، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە با لەم دێڕە شیعرە ورد ببینەوە:

پـێ ســاڵـۆ ئـامـای (تـەورێـز )ێ گـێـلام      جە دەفتەر(سـێ سـەد و سـی وشـش)وانام.

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە (بۆ ساڵی هاتنە دونیای (تەورێز) گەڕام، لە ناو دەفتەردا (مەبەست لە دەفتەرە پیرۆزەکانی یارسانە) ساڵی (٣٣٦)م خوێندەوە، کەواتە ناوبراو (٨٨٣) ساڵ بەر لە (مەستوورە)یە. ئەمەی خوارەوەش دوو دێڕە لە شیعرەکانی:

ڕازەن پـیـاڵـەم ڕازەن پـیـاڵـەم      سـەرسـامـم نـە بـەزم ڕازەن پـیـاڵـەم
بـادەی پـیـاڵـەم یـاوا وە نـاڵـەم      چـونـکـە نـاڵـەکـەم بـەرز بـی نـە ئـاڵـەم

مانای دێڕەکان بەم شێوەیە: ئەو پیاڵە مەیە کە لە جیهانی نهێنییەوە پێم دراو نۆشم کرد، گەیشتە فریام، ناڵە و هاواری دەروونمی هێور کردەوە و ئارامی پێ بەخشیم.

٢- (جەلالە خانمی لوڕستانی)، ساڵی (٣٨٧ک) لە دایک بووە .

٣- (لزا خانمی جاف)، لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە .

٤- (دایە خەزانی سەرگەتی)، سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی لە (سەرگەت) لە دایک بووە.

٥- (خاتوو دایراکی ڕەزبار)، ساڵی (٧٤٥ ک) کۆچی دوایی کردووە.

٦- (یای حەبیبەی شارەزووری)، ساڵی (٦٨١ک) لە دایک بووە و لە (٧٤٩ک) کۆچی دوایی کردووە.

٧- (پیر نازدار خاتوونی شیرازی)، ساڵی (٧٦٤ ک) کۆچی دوایی کردووە، ئەم خاتوونە نەوەک هەر شاعیر و عاریفێکی گەورە بووە، بەڵکو یەکێک بووە لە بازنەی (٧٢ پیر)، هۆنەری بەندی (٥٥)ی کتێبی (بارگە بارگە)یە کە بەشی یەکەمی کتێبی (سەرەنجام)ە، هەروەها لە شیعرەکانیدا گەلێک بابەتی گرنگی باس کردوون لەوانە چەمکی (خۆناسین) و دیاریکردنی دروشمە دینییە سەرەکییەکانی (یارسان)، وەک لەم دوو دێڕەدا هاتووە:

یـاران یـاوەران ڕای هـەق ڕاسـیـیـەن      پـاکـی و دروسـتـی و ڕەدا و خـاسـیـیـەن
هـەرکـەس وێش نـاسـا محـەممـەد ئـاسـا      بێ شـک ئـا کـەسـە مـەولایچ شـنـاسـا

٨- (نەرگز خانمی شارەزووری)، ساڵی (٧١٣ک) لەدایک بووە.

٩- (دەدە بەکتری دەودانی)، ساڵی (٨٨٦ک) لەدایک بووە.

١٠- (سەمەن خانم)، لە سەدەی نۆیەمی کۆچیدا ژیاوە.

ئەمانە و دەیانی تریش کە هەموویان شاعیر و عاریف و تەمبوورژەن بوون و لە ناو تێکستەکاندا شیعریان هەیە، ئەگەر بگوترێت ئەمانە شیعری دینییان هۆنیوەتەوە، دەی خۆ تاوان نییە، دیارە شیعری عیرفانی و دینی و شیعری تریشیان هەن، هەر بۆ نموونە (لزا خانمی جاف) کە وەک گوتمان لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە، فەرموویەتی:

وەهـار چـوون ئـامـا وەفـران بـی وە ئـاو      وەفـران بـی وە ئـاو وەفـران بـی وە ئـاو

پـەرێ ئـارایـش دەشـــت و کـۆف و کـاو      گـول و وەنـەوشـــە هـۆرێـزان جـە خـاو

دەی باشە هیچ کەس هەیە ئەگەر تەنیا لە ئەلفبێی شیعر شارەزاییەکی هەبێت، بتوانێت بڵێت ئەمە شیعر نییە. کەواتە ئەمە بێئاگابوونە لە گەنجینەی مەعریفیی (ماچۆ) کە سەرەتای شیعر لە ناو ژنانی کورددا، بە (مەستوورەی کوردستانی)یەوە ببەسترێتەوە.

**دووەم:** بەستنەوەی سەرەتاکانی پەخشان لە ئەدەبی کوردیدا بە عەقیدەنامەکەی (حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مەولوودنامە کەی شیخ حسینی قازی)یەوە. دیارە تا ئێستا چەندین نووسین هەریەکە و لە گۆشەنیگای خۆیانەوە سەبارەت بە سەرەتاکانی پەخشانی کوردی نووسراون و بایەخی خۆیان هەیە، بەڵام هەر هەموویان دەستکورتن لە دەستنیشانکردنی مێژوویەک بۆ پێشینەی پەخشانی کوردی، کە بە بڕوای ئێمە هۆکارەکەی نەبوونی سەرچاوە و ئاشنا نەبوونی نووسەرەکانە بە تێکستەکانی پەخشانی کوردی، بەڵام ئاشکرایە چەندین سەرچاوە هەن کە باس لە بوونی پەخشانی کوردی دەکەن، ئەو پەخشانانەی کە سەدان ساڵ لەمەوبەر دەست بە نووسینەوە یان کراوە، هەر بۆ نموونە:

لە کتێبی سروودهای دینی یارسان- (گردآورده و ترجمه ماشاالله سووری) - (٢١) پەخشان لە پەخشانە پیرۆزەکانی یارسان بڵاوکراونەتە وە کە لە ژمارە (١) بۆ ژمارە (٢١) ڕیزبەند کراون، نووسەری ئەم کتێبە باسی لەوە کردووە گوایا مێژووی گوتن و نووسینەوەی هەندێک لە سروود و پەخشانەکان کە لە کتێبخانەی دینییەکەی خۆیاندا هەن، بۆ زیاتر لە (٩٠٠) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. ئێمە بە وردبینییەوە ئە و پەخشانانەمان خوێندنەوە و بۆ لێکدانەوەی ماناکانیشیان خۆمان زۆر ماندوو کرد، هەندێک جار هەستمان بە لەنگی و بێمانایی چەند وشە و دەستەواژەیەک دەکرد، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە کە نووسەر، یان کۆکەرەوەی کتێبەکە شارەزاییەکی باشی لە زمانی پەخشانە کاندا نەبووە، پەخشانەکان بە هەردوو ڕێنووسی (لاتینی و فارسیی شکستە) نووسراونەتەوە، بەڵام ئاشکرا نەکراوە کە کامیان ڕێنووسی بنەڕەتییە، هەرگیز کەسێک نییە بتوانێت نکووڵی لەوە بکات کە ئەو نووسینانە پەخشانن، هەروەها مێژووی نووسینیشیان بە سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی دەژمێردرێت، بابەتی جیاجیای دینی و کۆمەڵایەتی و هەندێک جار مێژوویی و سیاسیش لە دووتوێیاندا خراونەتە ڕوو، هاوکات قسە و باس سەبارەت بە ژمارەیەک لە ڕابەران و پیرانی یارسان و ڕەوییە و بنەما دینییەکانیان هەن، لێرەدا بە باشی دەزانین وەک نموونە پەخشانەکانی ژمارە (١-٢- ٦) بنووسینەوە و ماناکانیان لێک بدەینەوە.

پەخشانی یەکەم: ئاو دەلیا بەحر بی، چەند وەخت دوڕ دەلیا بی، بەحر و بەڕ نەوی، سوڵتان عالەم هێبەت دا وە سەنگ تۆقییا، ڕێزە ی بەرد بی وە دووە وە بەر دووە سەنگ کە گەرد وە لە هێز گەرد بی وە هەوا.

واتاکەی: ئاوی دەلیا بەحربوو، چەند وەخت دوور دەلیا بوو، لە هەیبەتی سوڵتانی عالەم (مەبەست پەروەردگارە)، ئەو سەنگە تەقییەوە و ڕێزەبەرێزە بوو، بوو بە (دووە= دوکەڵ) و ئەو گەرد و دووکەڵەش بوون بە (هەوا).

پەخشانی دووەم: یەک پارچە وە سەنگ بەرد شانا وە هەوا بی وە ئاسمان وە ستارەگان هەم سازنا وە شمارەی غوڵامان دەر ئەو دە ورە مەلائیکە مواچوون، وە مۆنگ ء هۆوەر و هەم وە حەجەر نووری وێش داخڵ کەرد وە سازنا وە شانا وە ئاسمان وەشەو و ڕۆژ هەم قە رار دا وە چوار فەسڵە گەردش ساڵ هەم وە چهار مەلائیکە قەرار دا، گا چهار گا هەفتەن.

پەخشانی شەشەم: بەعد یاوا وە دوونی (شاخۆشێن) وە زات بەشەری هەم وە دۆرەی موفەسەڵی کەلامش هەن، بەعد لوا وە دوونی (بابا نائۆ) دوو زات میهمانی، وە بەعد لوا وە دوونی (باباجەلیل) وە (باباسەرهەنگ) وە (بەهلوول) وە بابا بی وە دەروێش، تەمام وە زاتی میهمانی تا یاوا وە دوونی (سان سەهاک)، وە زات بەشەری وە دەورەی (شاخۆشێن) یەکدەفعە وە دەر زەڕات هەم یەکدەفعە مەنزڵی وێش قەرار دا، وە ساجی ناری دۆرەی زەڕات وێەن وە ساجی نار دەورەی (شاخۆشێن) وە ژێر ساجی نار بەیانش کەرد، وە هەفتەوانە وە

شکڵی وەز سازی، وە هەردوو هەفتەکە هەفتەن و هەفتەوانەن هەنەن، یەک یەک ڕەمزێ داروون کە گاهێ جیسم وە زات مەوۆ وە دوو زات، گاهێ هەفتەن گاهێ چوارتەن گاهێ سێ نەفەرەن، گاهێ یەکتەن یا چلتەن.

واتاکەی: پاشان بە زاتی بەشەری چووە دوونی (شاخۆشێن)ەوە کە ئەمە بەدرێژی باسی هەیە، پاشان بە میوانی چووە دوونی (بابا ناوۆ= باوا ناووس)ەوە، دواتر چووە دوونی (باوا سەرهەنگ و بەهلوول)ەوە، تەواو بابا بوو بە دەروێش بە زاتی میوانی، تا بە (زاتی بەشەری) چووە دوونی (سان سەهاک)ەوە، سەبارەت بە ساجی ئاگر و ژێر ساجی ئاگرەوە ئەمە لە دەورەی (شاخۆشین)دا باسی لێوە کراوە. وە هەردوو حەوتەکە مەبەست (حەفتتەن و حەفتەوانە)یە، هەریەکی هێمایەکیان هەیە، جاری وا هەیە تەن دەبێت بە زات و دوو زات، جاری وا هە یە حەوت و جارێ بە چوار، جارێ بە سێ کەس یان یەک کەس وە یان چل کەس.

پاش ئەم دێڕانە دێینە سەر ئەوەی بڵێین حەزرەتی (مەولانا خالیدی شارەزووری نەقشبەندی) لە نێوان ساڵەکانی (١٧٧٧- ١٨٢٦ زایینی)دا ژیاوە، هەروەها (شێخ حسێنی قازی) لە نێوان ساڵەکانی (١٧٩١- ١٨٧٠ زایینی) ژیاوە، لەگەڵ ئەوەی (مەولانا خالیدی نە قشبەندی) زاتێکی گەورەیە و نەخشی دیار و کاریگەری لە مێژووی ئێمە و لە ناو کولتووری دینیماندا، هەروەها لە ناو ڕێوڕەچەی نەقشبە ندیدا هەیە و دامەزرێنەری ئەم ڕێوڕەچەیە لە کوردستاندا، هەروەها (شێخ حسێنی قازی) کەسێکی دیاری سەردەمی خۆی و قازیی سلێمانی بووە، بەڵام بەستنەوەی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی بەم دوو زاتەوە هەڵەیەکی گەورەیە، ئەمەش دەچێتە خانە ی بێئاگابوون لە گەنجینەی مەعریفی ماچۆ.

**سێیەم:** گەڕاندنەوەی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی سروود لە ئەدەبی کوردیدا بۆ ساڵەکانی (١٩٢٠-١٩٢١ زایینی) لە سەر دەستی خوالێخۆشبوو (زێوەر)ی شاعیر، تەنیا بە سەرنجدانێکی خێرا لە لاپەڕەکانی ئەدەبی کوردی، بۆمان دەردەکەوێت، ئەوەی لە تێکستەکاندا هاتووە هەرگیز لە گەڵ ئەم دەربڕینەدا کۆک نییە، ئێمەی کورد خاوەنی چەندین کەسین کە بە سەدان ساڵ بەرلە لەدایکبوونی ناوبراو سروودیان هۆنیوەتەوە، سروودەکان هەتاکو ئێستاش لە ناو جەمەکانی یارساندا ئامادەبوونیان هەیە، بە ئاوازی کوردی و بە شیعری کوردی و بە جلوبەرگی کوردییەوە جەمنشینان لە گەڵ ئامێری تەمبوور کە کوردیبوونی سەلمێنراوە دەیانڵێن، هەر بۆ نموونە ئەم دوو سروودە لە ناو دەیان سروودی ڕەسەنی کوردی دەهێنمەوە:

نموونەی یەکەم:

| | |
|---|---|
| مـێـردان خـواجـام، مـێـردان خـواجـام | پـەرێ ئـازمـایـی مـێـردان خـواجـام |
| زەردەشـــت پـەیدا بـی وە فـەرمـان شـــام | ئـاوێســـتـاش ئـاوەرد پـەرێ خـاس و عـام |
| چـەنـی گـومـڕاهـان ســتـێـزا وە کـۆچ | مـەکـۆشـــا پـەرێ یـاری شـــەو و ڕۆچ |

ئەم دێڕانە سروودی (پیر ڕاستگۆی قەرەداخی)یە، ناوبراو لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، لە سروودەکەدا باسی لە زەردەشت و کتێبی (ئاوێستا)ی کردووە کە چۆن تێکۆشاوە بۆ بڵاوکردنەوەی دینەکەی و بەرامبەر بە گومڕایان و نەیارانی جەنگاوە، دەی خۆ هەمووومان دە زانین کە زەردەشت و ئاوێستا بەشێکی زیندوون لە کولتووری دینیمان، لێرەوە دەڵێم ئەم سروودە هەرچەندە سروودێکی دینییە، بەڵام باس لە تێکۆشانی سەختی ئەوانە دەکات کە ئێمەی کورد خۆمان بە بەشێک لە میراتگرانی کولتوورییان دەزانین.

نموونەی دووەم:

| | |
|---|---|
| ئەســڵـمەن جە کورد، ئەســڵـمەن جە کورد | بـابـۆم کـوردەنـان، ئـەســڵـمـەن جـە کـورد |
| من ئـا کوردەنـان چـە نی دەســتـەی گورد | ســڵـســڵـەی ســوپـای دوژمن کـەردمـان هورد |

ئەم دوو دێڕەش نموونەیەکی ترە لە سروودێکی (شاوەیس قولی قرمزی کوڕی پیر قەمبەری شاهۆیی) کە ساڵی (٨١٠ ک) لە دێی (دەرەزیان)ی شاهۆ لەدایک بووە و (٥١٠) ساڵ بەر لەو مێژووە دەکات کە بۆ سەرهەڵدانی سروودی کوردی دیاری کراوە. بەڕاشکاوی باسی لە کوردبوونی خۆی و باوکی کردووە (دیارە کوردبوونی باوکی ئاماژەیە بۆ کوردبوونی پێشینانیشی)، هەروەها گوتویەتی من ئەو کوردە

م کە لە گەڵ دەستەکانی تر لە هاوڕێبازانمدا پێکەوە لەشکری دوژمنمان وردوخاش کردووە، دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم لەم دێڕانەدا شانازی بە کوردبوون و ئازایەتی و گیانی بەرەنگاربوونەوەی کوردانی کردووە.

ئەم جۆرە سروودانە لە ناو تێکستەکانی یارساندا زۆرن و ئێمە تەنیا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە مێژووی سروود لە ناو ئەدەبی کوردیدا مێژوویەکی دێرینە ئەم چەند دێڕەمان خستنە ڕوو.

کەواتە بەستنەوەی سروودی کوردی بە خوالێخۆشبوو مامۆستا (زێوەر) و دیاریکردنی ساڵەکانی (١٩٢٠، ١٩٢١) بۆ مێژووی سەرهەڵدانی سروودی کوردی هەڵەیە، ئەگەر تەنانەت مەبەست لە سروودی (نیشتمانی و نەتەوەیی)یش بێت، چونکە ئەم سروودانەی خرانە ڕوو ماکی نیشتمانی و نەتەوەییان تێدایە. ئەمەش دەرئەنجامێکی تری بێ ئاگاییە لە ڕۆشنبیریی (ماچۆ) و گەنجینە مەعریفییەکەی.

**چوارەم:** قسەکردن لەوەی کە کورد بەر لە (نالیی شارەزووری) ناشیعری هەیە و شیعری کوردی لە (نالی)یەوە دەستی پێ کردووە، بەر لەوەی قسە لەم دەربڕینە بکەم و بە پێی بەڵگە و تێکستی بەردەست وەڵامی بدەمەوە، دەڵێم ئەوانەی ئەم جۆرە قسانە دەڵێن و بەم ئاکارە دا کار دەکەن، بە خۆیان بزانن یان نەزانن نەوەک هەر لە پێشینەی ئەدەبی خۆیان بێباک و خەمساردن، بەڵکو جۆرە ناپاکییەک دەکەن بەرامبەر بە مێژووەکەی و ئەو سامانەی کە شاعیران و عاریفانی کورد بەر لە (نالی) بەرهەمیان هێناوە، هەر هیچ نەبێت ئەوەی لە دوو توێی تێکستەکاندا بێناز ماوەتەوە و چاوەڕێی ئاوڕلێدانەوە و توز لێتەکاندنە، چونکە هەر زۆر بە ئاسانی نزیکەی هەزار ساڵ لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دەخەنە بەر ڕەشەبای زەمانەوە هەتا بێبەزەییانە بۆ هەر کوێیەک دەبیات، بیبات و ئەوانیش کورد واتەنی مێشێک میوانیان نییە.

بۆ ئەوەی بتوانم وەڵامێکی هێمن و دوور لە هەڵچوون بەوانە بدەمەوە ئەم جۆرە ئاراستەیان هەیە، سەرەتا هەقە لێیان بپرسم، ئایا ڕۆژێک لە ڕۆژان شیعرێکی: (مەلا مستەفای بێسارانی- خانای قوبادی- مەلاخدری ڕواری- سەیدی هەورامی- مەولانا خالیدی شارەزووری- شێخ عوسمانی سیراجەددین- میرزا شوکروڵای دینەوەری، مەلا مەنوچەهری کۆڵیوەن، خان ئەڵماسی لوڕستانی...هتد)یان خوێندەوەتەوە، یان هەر بەرچاویان کەوتووە؟ کە هەر هەموویان بەر لە نالی ژیاون و بەرهەمیان هاتووەتە ناو گەنجینەی شیعری کوردییەوە، دەی نازانم لە کوێوە ئەو مافە بە خۆیان دەدەن ڕەواج بەو دەربڕینە بدەن.

ئیتر پێویستە بێمە سەر ئەوەی چەند نموونەیەک لە شیعری شاعیرانی کورد کە پێش (نالی) ژیاون، بخەمە پێش چاو، هەتاکو بە بەڵگە وەڵامیان بدەمەوە.

١- (مەلا مستەفای بێسارانی) کە لەناو سەرچاوەکاندا چەند مێژوویەک بۆ لەدایکبوون و مردنی دیاری کراون، ئەگەر دەرەنگترینیشیان بە ڕچاو بگرین کە (مینۆرسکی) هێناویەتی و ساڵی (١٧٦٠ زایینی)ی بۆ مردنی دیاری کردووە و هەر خۆشی دواتر بە هەڵەی زانیوە، چووەتە سەر ئەو ڕایەی کە ساڵی (١٦٤١ زایینی) کۆچی دوایی کردووە، کەواتە بە پێی بۆچوونەکەی ئەویش هێشتا لەدایکبوونی (نالی) پاش کۆچی دواییی (بێسارانی)یە بە (٣٧) ساڵ، خۆ ئەگەر مێژووە ڕاستەکەش وەرگرین کە دڵنیایی دەدا (بێسارانی) ساڵی (١٦٤١ زایینی) کۆچی دوایی کردووە، ئەوا لەدایکبوونی (نالی) کەوتووەتە (١٥٦) ساڵ دوای مردنی (بێسارانی).

نموونە لە شیعرەکانی:

یەکەم:

چـراغ وەنـەوشـــە چـنـوور چـەنـی گـوڵ
عـەزمی ڕای ویســاڵ تۆشـــان هـان نـە دڵ

چنوور جـە ســـەرکۆ وەنەوشـــە جە چـەم
گـوڵ جـە گـوڵسـتـان وە هـەم بـیـەن جـەم

واتشـــان بـە مـن بـەنـدەی فـڵانـی
چـوون حـاڵـزانـەنـی بـە حـاڵ مـەزانـی

بـۆ نـەســای ئـەڵا بـکـەرە کـارێ
بـیـاومـێ بـە وەیـڵ ئـەو دڵـبـەر جـارێ

چراخ یا هەر سـێم بەســتەن بە دەســتە
جـە دەســـتـە دەســـتـەی زگـاران بـەســـتـە

هـەرســـێم یـا ئـاوەرد چـون خـاکســـاران
هـەر یـەک وایـەی وێ وە چـەم مـەداران

نوور پەی زوڵفت پەشێچو حاڵشەن — وەنەوشە سەودای خاڵ خەیاڵشەن
گوڵ پەی جەمینت مسۆچۆ کەم کەم — جە دووریت نیشتەن نە پاش خار خەم

دووەم:

چڵێ نە پەنا چڵێ نە پەنا — چڵێ چون ڕەقیب مدران نە پەنا
هۆرئامان مەدران نە ڕووی تەمەنا — مەر باد قودرەت بدەرۆش فەنا
وە باد قودرەت لەتار بۆ — نمازۆ باڵای قیبلەم دیار بۆ
بسۆزۆ باهر با زەدەی سەحەر — ڕیشەش جە زەمین بەربارۆ وەبەر
تا بالاچی قیبلەم چون شەمع خانان — بوینو وە چەم نە بەرزە بانان

ئەم دوو پارچە شیعرە بە زمانێکی ئەوەندە پاک و پاراو نووسراون تێگەیشتنیان زۆر ئاسانە، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە شێوەزمانی هەورامی نازانن، لەبەر ئەوە پێویست بە شیکردنەوەی واتاکانیان ناکات.

بۆیە یەکسەر دێمە سەر ئەوەی بڵێم: لە قەڵەمدانی ئەم شیعرانە بە ناشیعر بێجگە لە نەزانین و نەبوونی تێگەیشتن لە شیعری کوردی شتێکی تر نییە، هیچ زیادەڕۆیەکی تێدا نییە ئەگەر بڵێم دەکرێت ئەمانە بە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی (ڕۆمانیزم) لە شیعری کوردیدا بنرخێنرێن، ئەوەتا لە ڕووی مێژووەکەیانەوە دیارە پێش شیعری ڕۆمانیزمی فەڕەنسی کەوتوون. کە بەپێی هەندێک بۆچوون خۆڵقاندنی قەوارەکەی بۆ نەتەوەکانی (ئینگلیزی و ئەڵمانی) دەگەڕێننەوە، بەڵام هەنێکی تر وای بۆ دەچن کە هەریەک لە (شاتۆبریان و مادام دی ستاڵ) بۆ خۆیان خولقێنەری (ڕۆمانیزمی فەڕەنسی)ن. ئەگەرچی ڕەخنەسازە ئەوروپاییەکان لە ساڵی (١٨١٦ز) دەرکیان بە سەرهەڵدانی جۆرێک لە وێژەی نوێ کرد کە بەرهەمێکی نوێ بەرامبەر بە وێژەی (کلاسیزم)دا دەدات بە دەستەوە. پێ دەچێت خوێنەر هەبێت وا تێبگات کە من لەژێر کاریگەری سۆزدا ئەم بۆچوونە بخەمە ڕوو، شیعرەکانی (بێسارانی) زۆر لە قەوارەی خۆیان گەورەتر بکەم، بەڵام بە شیکردنەوەی ورد و تێگەیشتی تەواو لە شیعرەکان، لەوانەیە سەری ڕەزامەندی بۆ ئەم بۆچوونە بلەقێنێت. من نامەوێ بڵێم ئەم دێڕانە بە تەواوی لە ناو کرۆکی ڕۆمانیزمدان و هەموو مەرجەکانی دەقی ڕۆمانیزمیان تێدان، بەڵام بە دڵنیاییی تەواوەوە دەڵێم سەرەتایەکن بۆ شیعری لەم چەشنە لە ئەدەبی کوردیدا، دەی ئیتر چۆن بگوترێت کە ئەمانە ناشیعرن و کەی ڕەوای هەقە کەسێک ئەم جۆرە قسانە بکات؟

٢- (خانای قوبادی)، ئەگەرچی ئەم شاعیرەشمان هەر وەکو زۆربەی شاعرانی تر جیاوازی سەبارەت مێژووی ژیانی لە ڕووی ساڵی لە دایکبوون و کۆچی دوایی و باری کۆمەڵایەتی و ....هتد لە سەرچاوەکاندا هەن، ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە قسەکردنە لەوەی کە پێش لە (نالی) ژیاوە، ئەگەر بۆ ئەمیش هەر وەک مەلا مستەفای بێسارانی درەنگترین مێژوو بۆ لەدایکبوونی بەپێی سەرچاوەکان دیاری بکەین کە ساڵی (١١٢٠ کۆچی)یە، هاوکات زووترین مێژوو بۆ لەدایکبوونی (نالی) دیاری بکەین کە ساڵی (١٢١٢ کۆچی)یە، ئەوە بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە ماوەی (٩٢) ساڵ بە پێی ساڵنامەی کۆچی لە (نالی) گەورەتر بووە.

هەر بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستتیە کە (خانای قوبادی) لە نالی گەورەترە و بەر لەو ژیاوە، باشتر وایە لەم دوو دێڕە لە شیعری خۆی ورد ببینەوە کە باس لە دانانی شاکارەکانی وەک: (شیرین و خەسرەو) و (لەیلاو مەجنوون) دەکات کە لە ساڵانی (١١٥٣، ١١٥٤ ک) دایناون:

غەین و قاف و نوون، دال ئەبجەدی — حساب کەرۆ حەرف وێنەی عەسجەدی
هەزارو یەکسەد پەنجاو چوارەن — ڕۆشنتەر جە سۆی شۆڵەی نەهارەن

لەم دیڕانەدا دەردەکەوێت کە (٥٨) ساڵ بەر لەدایکبوونی (نالی) لە نووسینی ئەم شاکارانەی بووەتەوە. نموونە لە شیعرەکانی:

یەکەم:

یا ڕەب ئەر بەدخوم ئەر پاکیزەخوم — گونای من چێشەن ئافەریدەی تۆم
تۆ وێت حاکم بەر هەم وێت بەر قازی — کەس بە سنعی ویش چۆن نییەن ڕازی
تۆ بە دەستی وێت من ئافەریدەن — ئەر نەبۆت پەسەند کێ پەسەند دیدەن
ئەورۆ کە هەستی منت کەرد ڕەقەم — (وەڵا وە بیلا) بە زاتت قەسەم
ئەر مەبێ وە دەس من ئیختیارێ — منیش جەو دما مەکەردم کارێ
دونیای بێ وەفای تۆم نەدیا بە چەم — وەی تەور نەکەفتام نە گێجاوی غەم
سا کە کێشانت بەننای باڵادەس — من مەخلوقی تۆم ئەر خاسم ئەر گەس

ئەم نموونە شیعرییە پێویست بە کەمێک تیشکخستنەسەر دەکات، لەم دێڕانەدا (خانای قوبادی) دیالۆکێکی یەک لایەنە لە گەڵ پەروەردگارەکەی دەکات، ئازایی و جەسارەتێکی زۆر بە دەربڕینەکانییەوە سەبارەت بە بوونی خۆی لە ژیاندا و ئافەریدەکردنی دەردەکەون، ئەو بە بێ هیچ پێچ و پەنایەک گوتوویەتی:

ئەی خودای گەورە ئەگەر من کەسێکی بەدڕەوشت یان پاک بم، تاوانم چییە کە خۆت ئافەریدەت کردووم، کە تۆ منت پێ پەسەند نەبێت، ئەی کێی تر هەیە پەسەندم بکات؟ خۆ ئەگەر من هەڵبژاردەیەکم بە دەست بوایە، بە گەورەیی خۆت دواتر کارێکم دەکرد، بەوەی کە ئەم دونیا بێوەفایەی تۆم بە چاو نەدیبایە و بەم شێوەیەی ئێستا نەکەوتمایەتە ناو گێژاوی خەمەوە، مادام تۆ خۆت نەخشەی ژیانی منت کێشاوە، من هەر بەندەی تۆم ئەگەر چاکم یان خراپ.

دووەم:

ڕاسەن مەواچان فارسی شەکەرەن — کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن
پەی چێش نە دەوران ئی دنیای بەدکێش — مەعلوومەن هەر کەس بە زبان وێش
مەعلوومەن هەر کەس وە هەر زبانێ — بواچۆ نەزمێ جە هەر مەکانێ
وێنەی عەرووسان زێبای موشکینچین — مەکەرۆش جە حوسن عیبارەت شیرین
جە لای خێرەدمەند دڵپەسەند مەبۆ — شیرینتەر جە شەهد شیرەی قەند مەبۆ
بە لفز کوردی کوردستان تەمام — پێش بوانوون مەحفووز باقی وەسەلام

لەم دێڕە شیعرانەدا دەتوانین بە باشی لە بیروباوەڕی (خانای قوبادی) و ئاستی تێگەیشتنی، هەروەها هەستی ئەو سەبارەت بە شانازیکردنی بە زمانی کوردی و کوردستانەکەی باش تێبگەین، ناوبراو زۆر بە ڕاشکاوی گوتوویەتی: ڕاستە زمانی فارسی وەکو شەکر شیرینە، بەڵام کوردی لە فارسی شیرینترە، پێویستە لەم جیهانەدا هەموو کەسێک بە زمانی خۆی قسە بکات، بنووسێت و بهۆنێتەوە، چونکە بە زمانی خۆیەوە ناسراوە. دیارە ئەم شیعرانە بایەخێکی گەورەیان هەیە لە بواری خۆشەویستی خاک و زمان و بایەخیان بۆ مرۆڤ. دەی ئیتر دەبێت بە کام بیرکردنەوە و بە چ تێگەیشتنێک ئەم دێڕانە بخرێنە دووتوێی ناشیعرەوە؟

٣- (مەلا خدری ڕواری)، وەک لە سەرچاوەکاندا هاتووە ناوبراو (١٧٢٥ز) لە دایک بووە، بە پێی دێڕە شیعرێکی خۆی، کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناوونیشانی (ڕۆڵە بزانی) لە ساڵی (١١٩٧ کۆچی) داناوە، وەک فەرموویەتی:

تاریخ نەزمش بایەد شنەفتەن — هەزار و یەکسەد نەوەد و هەفتەن
مانگ ڕەمەزان شەهر مبارەک — ئی نەزمە پەی خەیر دریا تەدارەک

کەواتە (مەلا خدری ڕواری) ئەم کتێبەی بەر لە لەدایکبوونی (نالی) داناوە و لەو کاتەدا تەمەنی لە (٥٠) ساڵ زیاتر بووە. سەبارەت بە پایەی شیعری ئەم زاتە، (حاجی قادری کۆیی) گوتوویەتی:

وەک مـەلا خـدری ڕوودبـاری نـیـیـە        شـیـعـری ئـاوی حـەیـاتـە تـاڵـی نـیـیـە.

لە کتێبی (دەوڵەت)نامەکەیشیدا چەند دێڕە شیعرێکی زۆر بەهاداری هەن کە پەند و ئامۆژگاری گەورەن بۆ خەڵک، تیایاندا وەک ڕێنماییکار و ڕێپیشاندەرێکی گەورە هاتووتە مەیدان، وەک فەرموویەتی:

* بێ یا نەی خاسـا، نەک یا نەی پڕ جە نگ        بـێ پـاڵای خـاسـا نـەک پـێـڵاوی تـەنـگ.

واتاکەی بەم شێوەیە: بێماڵی باشترە بەوەی ماڵێکی پڕ لە ئاژاوەت هەبێ و پێخاوسی باشە لەوەی پێڵاوی تەنگ لە پێ بکەیت.

* عیلم چون درەخت، عـەمـەل سـەمـەرەن        عـیـلـمـی بـێـعـەمـەل بـاخـی بـێـبـەرەن.

واتاکەی بەم شێوەیە: زانست وەک درەخت وایە و کارپێکردن پێی بەرهەمەکەیەتی، بەڵام زانستێک کە خاوەنەکەی کاری پێ نەکات وەک باخێکی بێبەرهەم وایە.

* (گـەردەڵـە) مـەچـرۆ ئـۆ (گـەردە مـیـان)        (چـەپـی دۆڵ) وەشـا هـۆبـە و زۆمـیـان.

ئەم دێڕە شیعرە کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هەردوو دێی (زۆم و ئەسپەرێز)، کێشە لەسەر موڵکداری (هەوارگەی چەپی دۆڵ) لە نێوان ئەم دوو دێیەدا دروست بووە، بەرە و ئەوە چووە شەڕ و ئاژاوەی لێ بکەوێتەوە، دانیشتووانی هەردوو دێ سکاڵایان بردووتە بەردەم قازی و هیچ کامیان بەڵگەیان بە دەستەوە نەبووە موڵکدارییان بسەلمێنێت، هەتا ژنێکی بەساڵاداچوو هاتووەتە مەجلیسەکە و گوتوویەتی: من دێڕە شیعرێکی (مەلا خدری ڕواری) بۆتان دەخوێنمەوە لەوانەیە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە سوودی هەبێت، ئیتر ئەم دێڕەی سەرەوەی خوێندووەتەوە و (قازی)یش هیچ گومانێکی لا نەماوە کە هەوارگەکە هینی خەڵکی گوندی (زوم)ە، ئیتر بڕیاری خۆی داوە.

ئەگەرچی شاعیری زۆرمان هەن بەر لە (نالی شارەزووری) ژیاون و بەرهەمی شیعری باشیان هەیە، من لەم بابەتەدا تەنیا ئەم چەند نموونەمە بە پێویست زانین، کە تیایاندا دەتوانم هەڵەی بۆچوونی ئەو کەسانە بسەلمێنم پێیان وایە کورد بەر لە (نالی) ناشیعری هەیە و شیعری کوردی لە (نالی)یەوە دەستی پێ کردووە. خۆ ئەگەر مەبەستیان لەوە بێت کە (نالی) توانیویەتی خاوەنی ئەندێشەی خولقێنەر بێت و لەوەشەوە وێنەی هونەری جوانی لە شیعرەکانیدا بەرهەمهێناوە، ئەوا (بێسارانی، خانای قوبادی، سەیدی هەورامی) و چەند شاعرێکی تریش لەناو مێژووی شیعری کوردیدا هەن، کە هەمان ئاکاریان لە شیعری گەلەکەماندا هەیە.

پێدەچێت هەندێک لەوانەی برەو بەم چەشنە دەربڕینە دەدەن و بێباکانە مێژووی شیعری کوردی دەسڕنەوە، تەنیا شیعری (عەرووز) بە شیعر بزانن، شێواز و کێشە خۆماڵییەکان بخەنە خانەی ناشیعرەوە، (گاتاکان و ماریفەتی پیر) بە لایانەوە هیچ نەبن، ئەو شیعرانەی بەم شێوازە هۆنراونەتە و بە شیعری (کێشی پەنجە= فەهلەویات) هۆنراونەتەوە بە بێبایەخ بنرخێنن، کە وەک زانراوە بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ بەشی شێریان لە ناو شیعری کوردیدا هەیە و باڵادەستی خۆیان سەلماندووە.

خۆ ئەگەر زیاتریش بڕۆین ئەوە دەبێت بڵێین: ئەوانە دەبێت شیعر و عیرفانی ژمارەیەکی زۆر لە شاعیران و عاریفانی نەتەوەیەکی وەک (فارس)یش بە لایانەوە لە خانەی ناشیعردا بێت، چونکە ئاشکرایە کە بەرهەمی گەورە عاریفانی وەک: (شێخ مەحموودی شەبستەری و مەولانا جەلالەدینی بەڵخی) و چەندانی تریش بە هەمان شێواز هۆنرانەتەوە.

## پەراوێز و ژێدەرەکان

- جەلیل عەباسی- بۆچی ماچۆ؟؟ سەرنجێکی تیرۆژئاسای وشەی ماچۆ- لیکۆڵینەوە- گۆڤاری هەورامان ژمارە (١٧)- تایبەت بە (ئوروموون بۆ ویژەی ماچۆ)- لاپەرە (٤٢)- ٢٠٠٩.
- دەورەی بابا سەرهەنگ- دەستنووس
- نامق هەورامی لە کتێبی (تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارساندا) نووسیویەتی ساڵی (٤٠٦ ک) لە دایکبووە, بە گەڕانەوە بۆ ژمارەیەک لەو تێکستە پیرۆزانەی کە باس وخواسیان سەبارەت بە (جەلالە خانم) و ڕابەران و گەورە شاعێران و عاریفانی

یارسانیان تێدان, دەردەکەوێت ئەم مێژووە هەڵەیە, چونکە (شاخۆشێن) کە کوڕی جەلالە خانمە ساڵی (٤٠٦ک) لە دایکبووە , کەواتە ناکرێت دایکیشی هەمان ساڵ لە دایکبووبێت.

- کورتەی سەرەنجام- لاپەرە (٥٨٢).
- سەرەنجام- بارگە بارگە- لاپەڕە (٧٥).
- د. سدیق بۆرەکەیی- مێژووی ویژەی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (١٠٥)
- ماشا الله سووری - سروودهای دینی یارسان - گرداورده و ترجمه - تهران -١٣٦٦.
- محەممەد ئەمین هەورامانی- کاکەیی- لاپەڕە (٨٧)- چاپخانەی الحوادث- بەغدا- ١٩٨٤.
- مەبەست لە (دەلیا) دەریایەو تا ئێستاش لای هەندێک کەس بە دەریا هەر دەلیا دەوترێت.
- شاخۆشێن= موبارەک شا- بە پێی سروودەکانی یارسان، ناوبراو پێشتر لە دۆنی (مەولا عەلی)دا بووە، لەمبارەوە با لەم دێڕانە وردبببینەوە:

من جە تەریقەت ئاوم بی زەڵاڵ        وە نام خۆشێن ئامام وە ڕووی کار
دوویست ساڵ نەی وەر نەدوونی مەولام        ئامام وە بیسات وە شیرین کەلام

- محەممەد ئەمین هەورامانی- کاکەیی- لاپەڕە (٦٩)- چاپخانەی الحوادپ- بەغدا- ١٩٨٤.
- ساجی ئاگر- لای یارسانەکان بە واتای دونیای مانەوی، یان شوێنی ریازەتکێشانەوە دێت، کە لەرووی تاوی گەرمی حاڵەتی رۆحییەوە، بە (ساجی ئاگر) دەیچوێنن.
- عەلائەددینی سەجادی- مێژووی ئەدەبی کوردی- چاپی دووەم- لاپەڕە (٥٨٨)- ساڵی (١٩٧١ ز).
- سەرەنجام- لاپەڕە (٥٠- ٥١).
- لە هەندێک شوێندا دێڕی دووەمی بەم شێوە نووسراوە: من ئەو شێرەنان چەنی دەستەی کورد- سڵسڵەی سوپای زوحاک کە ردم هورد.
- سێدیق بۆرەکەیی- مێژووی ویژەی کوردی- بەرگی یەکەم - لاپەڕە (٣٨٣)- چاپخانە چهر تبریز.
- سێدیق بۆرەکەیی- مێژووی ویژەی کوردی- بەرگی یەکەم - لاپەڕە (٣٨٣)- چاپخانە چهر تبریز.
- لە هەندێک سەرچاوەدا نووسراوە: چڵێ جە پەنا- چڵێ جە پەنا.
- هەروەها ئەم نیوە دێڕە بەم شێوە نووسراوە: بسۆچۆ باهیر بازەدەی سەحەر.
- دیارە ئەم جۆرە جیاوزییانە لە جیاوازی وەرگرتنی شیعرەکە لە سەرچاوەکانییەوە, وەک (دەستخەت و کەشکۆڵەکان) هاتووە و هیچ کاریگەرییان بۆ سەر ماناو بایەخی شیعرەکە نییە.
- عەلائەددین سەجادی- مێژووی ئەدەبی کوردی- لاپەڕە- (٢١١)- چاپی دووەم- ١٩٧١زایینی.
- د. کامل حسن عزیز البصیر- ڕەخنەسازی- لاپەڕە (٦١- ٦٢)- بەغداد- ١٩٨٣.
- سێدیق بۆرەکەیی- مێژووی ویژەی کوردی- بەرگی یەکەم - لاپەڕە (٤٣٤)- چاپخانە چهر تبریز.
- محەممەد بەهادین مەلا سێاحب- پیرشالیاری زەردەشتی- لاپەرە (١١٩)- لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ژیان- سلێمانی.
- سێدیق بۆرەکەیی- مێژووی ویژەی کوردی- بەرگی یەکەم - لاپەڕە (٤٣٥- ٤٣٦)- چاپخانە چهر تبریز.
- هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە (٤٥٦).
- محەممەد بەهادین مەلا سێاحب- پیرشالیاری زەردەشتی- لاپەرە (٧٣- ٧٤)- لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ژیان- سلێمانی.